ڕاگەیاندنی ژمارە – 2 –

نامەیەکی کراوە بۆ بیروڕای گشتی

## هەر پلانێك دژ بە دکتۆر کەمال سەید قادر بە توندی مەحکومە !

ماوەی چەند ڕۆژێکە سەرئەنجامی گوشارێکی فراوان کە لە لایەن کەمپینی ئازادی بۆ دکتۆر کەمال و هەڵوێست و نارەزایەتی دەربڕینی دەیان و سەدان نووسەرو ئەدیب و ڕۆشنبیر لە کوردستان و هەندەران ، پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ شانخاڵی کردنەوەی خۆی لە بەرامبەر شەپۆلی ناڕەزایەتی جەماوەر دژ بەبڕیاری مەحکوم کردنی دکتۆر کەمال بە 30 ساڵ زیندان، سەرگەرمی پلان و ڕێگەو ڕەوشتی جیاوازن بۆ گپ کردنەوەی دەنگی ناڕەزایەتی دژ بەو کردەوە نایاسای و ناشارستانەی خۆیان سەبارەت بە حوکمدانی دکتۆر کەمال .

دواین هەوڵێکی بێ بایەخیان گوایە چاوپیکەوتنیکە لەگەل دکتۆر کەمال دا لە زیندان، کە لەڕێگەی کەسیکەوە ئەنجام دراوە بەناوی (کەمال کریمی)یەوە ، ناوبراو ڕایگەیاندوە کە گوایە چاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامەگەری لەگەل دکتۆر کەمال دا ئەنجامداوەو لەوێدا دکتۆر کەمال دان بە هەڵەکانی خۆیدا دەنێت و داوای بەخشین و ئازادکردنی دەکات لە دەستەلاتی پارتی و هەروەها داوا دەکات کە هیچ کەس و لایەنێك مەسەلەکەی ئەو ئاڵۆزنەکات ، گوایە کارەکانی لە ڕێگەیەکی باشترو یاسای یەوە چارەسەر دەکرێت .

بەر لەهەر شتێك دەبێت ئەوە بڵێن کە زیندانی کردنی دکتۆر کەمال و ڕاگرتنی لەبارودۆخی دەرونی لەڕادەبەر نائینسانی داو حوکمدانی بەبێ بوونی پارێزەری خۆی و قەدەغەکردنی هەرجۆرە کونگرەیەکی ڕۆژنامەگەری ئازادو ڕاگرتنی لە دژوارترین بارودخی دەرونی دا هیچ شتێك نی یە بەدەر لە پێشلکاری مافەکانی مرۆڤ و تەقەلایەکی پوچ و بێ بایەخ بۆ ناچار کردنی دکتۆر کەمال بە پاشەکشە کردن. هەربەوپێ یەش هەر قسەو راگەیاندنکی دکتۆر کەمال لەکاتێکدا هیچ چەشنە ئازادیەکی نی یە و لەبەردەم هەلومەرج و دۆخیکی نەخوازراوا ڕاگیراوە، ناکرێت وەکو ڕەئی ئازادانە و دلخوازانەی دکتۆرکەمال تەماشا بکرێت.

ئێمە وەك کەمپینی ئازادی بۆ دکتۆر کەمال سەید قادر لەپاڵ ئەوەشدا کە ڕایدەگەیەنین هەرجۆرە فشارێکی دەرونی وفیزیکی دژ بە دکتۆر کەمال بە توندی مەحکومەو هەروەها هەموو پلانە هاوچەشنەکانی دەستەلاتی پارتی بە کاریکی نایاساو نا شارستانیانە لەقەلەم دەدەین، پیمان وایە کە هەموو ئەو ڕێگەو پلانانە تەنها بۆ شانخالی کردنەوە چارەسەرنەکردنی کێشەی دکتۆر کەمالەو هیچ شتیك ناتوانێت بەهانەو پاساوبێت بۆ زیندانی کردن و مەحکوم کردنی دکتۆر کەمال و پیمان وایە کە خۆدزینەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ئازاد کردنی دکتۆر کەمال تەنها بەمەبەستی ئەوەیە کە نایانەویت بچنە ژێر باری داواکاری هەزاران کەس لە کوردستان و هەندەران و نایانەوێت چارەسەێکی کارساز بۆ کێشەکەی دکتۆر کەمال بدۆزنەوە کە ئەویش تەنیا ئازادکردنی بێ قەیدو شەرتی دکتۆر کەمال سەید قادر)ە .

بۆیە لەمبارەوە هەرجۆرە تەسریحات و بانگیژەیەك بەناوی دکتۆر کەمال سەید قادرەوە بە کردوەیەکی یاسای نازانین و پیمان وایە لە پلانیك زیاتر هیچی ئامانجیکی دیاری کراوی تری نی یە، بۆیە دوا لە هەموو حزب ولایەنەکان و بەرەی ئازادیخوازان و ئەدیب و ڕۆشبیران و نووسەران دەکەین کە بەتووندی نارەزایەتی دژ بەم پلانانە دەربڕن و پێ لەسەر ئازادی بێ قەیدو شەرتی کەمال سەید قادر دابگرن !

کۆمیتەی ئازادی بۆ دکتۆر کەمال سەید قادر

دەستەی سەرپەرشتیار

2006 / 1 / 2